# له سێدارەدانی سەددام وئەگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی عێراق

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



بەرزبونەوەی کێشمەکێش و ململانێ سیاسی و مەزهەبیەکان و ناجێگیری دۆخی راستەقینەی هاوکێشەی سیاسی عێراق و هەڵئاوسانی تەنگەژەو کێبەرکێ نادیار و نارۆشنەکان وای کرد گەمە سیاسیەکان بۆ یەکلای کردنەوەی پشکەکان لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسی عێراقدا بگاتە ئاستێك کەهەریەکە و بە جۆرو شێوازێك مامەڵە و سەودا بەو بارودۆخەی ئێستای عێراقەوە بکات و هاوکات هەریەکە و بەشێوەی جیاوازیش هاوکێشەی رووداو پێشهاتە ناجێگیرەکە بەپێی دید و تێڕوانینی خۆی بخوێنێتەوەو لە رووداو ئاڵۆزی تابلۆکە بڕوانێ. دیارە ئاڵۆزبوونی رووداو پێش هاتەکان لە هاوکێشەی توخم و رەگەزەکانی ململانێدا بۆخۆی مەسەلەیەکی هەستیارەو دەکارێ بەدیقەتی وردو بابەتیانە هەڵبسەنگێنرێ و خورد بکرێتەوە چونکە بەبڕوای سیاسەت ناسان یەکێك لە مەترسیەکانی بەرجەستەبوونی قەیران و تەنگەژەی سیاسی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کێشمەکێش و ململانێکان بگاتە ئاستی بەیەکدا چون و هەڵوەشاندنەوە . بەتایبەت ئەوکاتەی کە کانتۆنە سیاسیەکانی ناو ئەو پێکهاتەیە نالۆژیکیانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و رەوتی رووداوەکاندا بکەن . لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا کە زۆر لەمەسەلەکان لەیەکدی ئاڵسکاون و چارەسەرکردنیان نارۆشنە، چونکە ئەمریکاوەك هێزێك کە بە بەرپرسی پلەیەك دێت لەشێواوی بارودۆخەکەدا بەنیازی خۆ قوتارکردنەو دەیەوێ لەرێگەی سیاسەتێکی ستراتیژی نوێوە هەرچی زووە خۆی لەکێشمەکێش و ململانێکان وەدوور بگرێت و بیهێڵێتەوە بۆ خوودی عێراقیەکان ئەمەش لەم کاتەدا مەترسیەکی گەورەترە لەو مەترسیانەی کە لەهەڵوەشاندنەوەی عێراق و بەرپابونی شەڕی تایەفی و مەزهەبی دا بەدی دەکرێت . وبە ئاڵوگۆڕیش لە سیاسەتی ئەمەریکا لەم کاتەدا کێشمەکێش و ململانێکان زیاتر پەرە دەگرن و دەبێتە دەرگایەکی والآتر بۆ وڵاتانی درهاوسێ و نەیارانی سیاسەتی کۆشکی سپی کە دەیەوێ لەناوچەکەدا کاری لەسەر بکات . ئەوەتا هێشتا ئەمریکا لەناوچەکەیە وڵاتانی درهاوسێ پەیتاپەیتا لە کونێك دەگەڕێن کەلێیەوە کاربۆ یەکلای کردنەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەن و ئەو حیساب و کتابەی کە بەنیازن لە عێراقدا بەچنگیان بکەوێت لە ئێستادا کاری لەسەردەکەن ، ئەمە جگە لەوڵاتانی تری عەرەبی کە هەریەکە و بەشی خۆی بەرژەوەندی و قازانجی خۆی هەیە لە عێراقدا و کاری لەسەر دەکات ، بەکارلەسەرکردنیشیان ئاراستەی مەسەلە هەستیارەکان دەگۆڕێن وئەگەری هەڵوەشاندنەوەی عێراق زیاتر دەکەن چونکە هەرکاتێك ولە هەرسەردەمێکدا دەستی دەرەکی بە ئاراستەی قازانج وبەرژەوەندی تێکەڵاوی روداووپێشهاتەکان بووبێت ئەوە فاکتەرەکانی یەکگرتن ولە یەك نزیك بوونەوە بوەتە شتێکی لاوەکی وپشت گوێخراوە، لەم کاتەدا کە رەوشی سیاسی عێراق لەبەردەم مەترسیدایە وکێشمەکێش وململانیەکان گەیشتوەتە رادەی لەبەر یەکترازان وهەڵوەشانەوە ولآتانی دراوسێ وبەشێك لەوڵاتانی عەرەبی بەناوی یەکخستنەوەوئارام کردنەوەی دۆخی عێراق لە پێناو زیاتر مسۆگەرکردنی پایەکانی بەرژەوەندیەکانیان لەهەوڵی ئەوەدابوون لەرێگەی دروست کردنی بەرەیەکەوە بەشێك لە کانتۆنە سیاسیەکانی ناو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی عێراق بەتایبەت کورد و بەشێك لە شیعە و بەشێکیش لە سوونە  قایل بکەن بەوئامانجەی خۆیان وهانیان دەدان بۆئەوەی لەرێگەی بەرەیەکی سیاسی نوێ وە عێراق لەو زلکاوە رزگاربکەن و نەهێڵن تووشی جۆرێك لە هەڵوەشاندنەوەولەیەکترازان بێت. ئەم بەرە سیاسیە کە تائێستاش لەبەردەم گفتووگۆوشرۆڤە کردندایە  پرە لە تاکتیك وگەمەی سیاسی وبەرژەوەندی دەرەکی و جۆرە خوردکردنەوەیەکی ململانێی هاوکێشەکەیەو دەیانەوێ لێرەوە دەست پێبکات ، چونکە پێك هێنانی ئەو بەریەو دروست کردنی توخم و رەگەزەکانی کە لە زانستی سیاسەتدا جۆرێکە لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی وڵات بۆخۆی لەم کاتەدا مەسەلەیەکی لاوەکی ونەشازەولەبەرانبەریشدا خوێندنەوە تێڕامان لە ئاست ئەم بارودۆخە مەسەلەیەکی ترە وئەوەمان دەداتەدەست کە ئەگەر دەست تێوەردانی ئەمریکا لەناوچەکە بەنیسبەت گەلانی عێراقەوە ریانسانسێکیش بووبێت ئەوە بەلای بیری شۆڤێنی بەشێك لەوڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت وڵاتانی درهاوسێ ی عێراقەوە دژە بەرژەوەندیەکانیانەونەك رێکخستن بەڵکوو هەوڵدەدەن لەرێگەی جۆرە پێکهاتنێکی ئاواوە کۆسپ و تەگەرە بخەنە پێش پرۆسەی دیموکراتیزە بوونی عێراق وئەو مەسەلەگەلەی کەپەیوەستە بە ژیانی ئاشتیانەو کۆمەڵگای مەدەنیەوە. واتا لەم دۆخەدا کە ئەمریکا لە هەوڵی گۆڕینی سیاسەتی خۆی دایە و بەشێك لە کوتلە سیاسیەکانی عێراقیش لە هەوڵی پێك هێنانی بەرەیەکدان دۆستە نەیارەکانمان لە ئامادەباشی تەواو دان بۆئەوەی لەمپەر لەسەر رێی ئەو ئاڵوگۆڕەدا  دابنێن و بەفیعلیش واخەریکە سەرەتاکانی ئەولەمپەرە دەردەکەوێ . چونکە پێیان وایە لە نوێبونەوە و دیموکراتیزە بوونی عێراقدا کە لەسەر پنت و بنەمای زەمینەسازی ئارامی و ئاسایش دەوەستێ مەترسیەکی گەورەیە لەسەر ئەوان و دەبێ رێگری لێبکرێ بۆ ئەمەش بارودۆخی سیاسی و کلتوری عێراق لەم کاتەدا بارودۆخێکی گونجاوە و دەتوانن کاری لەسەر بکەن و هەوڵەکانیان لەوەدا چڕ بکەنەوە کە وا گروپی نوێ و باڵی سیاسی نوێ پێك بێنن و لە رێگەی ئەوانەوە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکەدا دابنێن . دیارە بۆدواجاریش لە سێدارەدانی سەدام لە رۆژی جەژنی قوربانی ئیسلامی سوونەدا وهوتاف کێشانی کەسانی سەر بە گرووپی موقتەداو پرسەدانانی زۆرینەی سونەکانی عێراق بۆ لەناوچونی سەدام وبەرزبونەوەی کێرڤی باڵە سوونیەکان لەبەرانبەر ئەو پرۆسەیە ، بۆخۆی بەشێکی دانەبڕاوی ئەو هەولأنەیەو نەیارانی عێراق کاری لە سەر دەکەن و ئاگری شەرەکە خۆش دەکەن بۆبەدیهێنانی مەبەست ومەرامەکانیان کەخۆی لە بەدەست کەوتنی بەرژەوەندی وقازانجی زیاتردا دەبینێتەوە،  بۆیە بەبڕوای من ئەو هاوڕەوتبونەی کەماوەیەك بەر لە ئێستا بەشێك لە باڵەسیاسیەکانی عێراق کاریان

لەسەردەکرد بوە مەسەلەیەکی هیچ ،چونکە ئەو جۆرە بەرانە ئەوەندەی کێشمەکێش و ململانێکان قوڵتر دەکاتەوە ئەوەندە ناتوانێ مەسەلەکان چارەسەر بکات و عێراق لەو مەترسیە رزگاربکات کە بوەتە هۆکاری شەڕوکاولکاری، بەرزگار نەبوونی عیراقیش لەو بارودۆخە کورد دەکەوێتەبەردەم پرس و مەسەلەیەکی گەورەتر لەوەی ئێستا لەبەردەستمانە . چونکە لەکاتێکدا کە عێراق گەیشتۆتە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەوئاراستەکان وئەگەرەکان وادەبینرێن. دەبێ کورد بزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکات و چۆنیش خۆی لەبەرامبەر ئەوڕەوتە توندڕەوانە رادەگرێت کە چاویان بە مافەکانی کورددا هەڵنایەت وبەردەوام لە هەوڵی تێکشکاندن وشکستیدان وبەکردەوەش کار لەسەرتەوزیف کردنی ئەو هەولاٚنەیان دەکەن . هەر بۆیەشە نابێ کورد ساویلکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیفاکتۆواقعیەدا بکات وبەپێچەوانە دەبێ کورد لەبری ئەوەی خۆی بکاتە قەڵخانی جارێکی تری رێکخستنەوەی عێراق ، کار لەسەر شێوەسیاسەتێکی نوێ بکات کە بتوانێت لەرێگەیەوە مافەکانی گەلەکەی بەدەست بێنێ . چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت بۆ بەهێزکردنەوەی عێراق هەنگاوێکە بۆ سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنەوەی بارودۆخی نیمچە ئازادی کوردستان و ئەو ئەزمونەی بەدەستمان هاتووە .